# هەوالیك لە شاری سەقزەوە

رۆژانی سی شەممە و چوارشەممەی ئەم هەفتەیە فەرمانداری سەقز بە هاوئاهەنگی لە گەل شورای شار و هیزەكانی ئینتزامی پەلاماریكی بەربلاویان بو سەر دەست فروشانی هەژاری شاری سەقز برد . بیانووی بریاری فەرمانداری بو ئەو پەلامارە ئەویە كە گویا دەست فروشان ریگا و بانەكانیان گرتوە و جوانی شاریان تیك داوە . جوانی شار بە هوی ئەو هەموو حەسیر ئاوا و حەلەبی ئاوا و گەرەكە هەژار نشینەی كە بەرهەمی راستەوخوی دەسەلاتی رەشی جمهوری ئیسلامی‌یە تیك چووە , نەك بە هوی ژمارەیك دەست فروش كە لە بەر بی كاری و بی دەرەتانی بو دابین كردنی پارو نانیكی مەمرە و مەژی بە ناچار بەم زستانە رویان كردوەتە دەست فروشی .

ریگر و موزاحم , ئەو خەلكە هەژارە نین كە روژانە 15 تا 16 سەعات لە بەر سەرما هەل دەلەرزن بو ئەوی بەری تیداچوونی بنەمالەكەیان بگرن بەلكو پاسدار و بەسیج و چەقوكیشی ئیتلاعاتی و هیزی ئینتزامین كە روالەتی دزیویان لە هەموو شوینیكی شار نمایش دەدەن و ددان لە خەلك تیژ دەكەنەوە .

دەست فروشانی شار لە بەرانبەر پەلاماری هیزەكانی ئینتزامی دا موقاومەتیان كردوەو لە گەلیان دەرگیر بوون. دەست فروشان بو ئەوەی پیش بە پەلاماری هیزەكانی رژیم بگرن ئەو شەقامەی كە زورترین ژمارەی دەست فروشی تیدا بو بەستیان . كیشەی فەرماندار و هیزەكانی رژیم لە گەل زەحمەتكیشانی دەست فروش بە چارەسەر نەكردووی ماوەتەوە و هەروا بەردەوامە .

**************************************************************

بە شی هە والی سایتی كومە لە 2004-01-25 [www.komalah.org](http://www.komalah.org)